# هەر ئافرەتێک لە ئێوە سێ منداڵی بمرێت؛ دەبن بە داپۆشەری لە ئاگری دۆزەخ

لە ئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ئافرەتێک هات بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، زۆرترین بەشی هاوەڵێتی تۆ لەگەڵ پیاواندایە، بۆیە خۆت ڕۆژێکمان بۆ دیاری بکە بۆئەوەی بێین بۆ لات وئەوەمان فێر بکەیت کە خوای گەورە فێری کردوویت، فەرمووی: «لە ڕۆژی ئەوەندە وئەوەندە کۆ ببنەوە»، ئەوانیش کۆبوونەوە، وهات بۆ لایان وئەوەی خوای گەورە فێری کردبوو؛ فێریانی کرد، وپاشان فەرمووی: «هەر ئافرەتێک لە ئێوە سێ منداڵی بمرێت؛ دەبن بە داپۆشەری لە ئاگری دۆزەخ»، .«(ئافرەتێک ووتی: ودوو (منداڵیش)؟ پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: «ودوو (منداڵیش

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئافرەتێک ووتی بە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- : پیاوان هەموو کاتەکانی تۆیان بردووە وبە درێژایی ڕۆژ لەگەڵ ئەواندایت، وهیچ کاتێکیان بۆ ئێمە جێنەهێشتووە بۆئەوەی پرسیار سەبارەت بە ئاینەکەمان بکەین وفێرمان بکەیت، ڕۆژێک بۆ ئافرەتان دیاری بکە بۆئەوەی فێری ئاینەکەمان بین، بۆیە پێغەمبەریش -صلی الله علیه وسلم- ڕۆژێکی دیاریکرد بۆیان بۆئەوەی تێیدا کۆببنەوە، بۆیە ئافرەتانیش لەو ڕۆژەدا کۆبوونەوە کە ئەو بۆیانی دیاریکرد، ئەویش هات بۆ لایان وئەوەی خودا فێری کردبوو؛ فێریانی کرد لەو زانستانەی پێویستانە لە ئاینەکەیان، وپاشان موژدەی پێیاندا کە هەر ئافرەتێک سێ منداڵی بمرێت ئەگەر کوڕ یان کچ بن وپێش ئەو ئەم ژیانە جێبهێڵن، وئەمیش ئارامگر بێت لەسەر ئەم ناڕەحەتیانە؛ ئەوا منداڵەکانی دەبنە داپۆشەر وپارێزەرێک بۆی لە ئاگری دۆزەخ کە لەوەیە بەهۆی تاوانەکانی شایستەی چوونە نێو دۆزەخ بێت، ئافرەتێک ووتی: ئەی ئەگەر دوو منداڵی بمرێت، ئایا هەمان پاداشتی ئەو ئافرەتەی هەیە کە سێ منداڵی دەمرێت؟ پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: بەهەمان شێوە ئەگەر دوو منداڵیشی بمرێت پاداشتی هەروەکو سێ منداڵەکەیە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8871